فەخرەدین تاهیر

# هەژار موکریانی

## لە یەکێتی سۆڤیەت



چوار قەسیدەی شاعیر

بەشی یەکەم

فەخرەدین تاهیر

# هەژار موکریانی لە یەکێتی سۆڤیەت

فەخرەدین تاهیر

# هەژار موکریانی لە یەکیتی سۆڤیەت

چوار قەسیدەی شاعیر
بەشی یەکەم

سارا

هەژار موکریانی لە یەکێتی سۆڤیەت ، بەرهەمی فەخرەدین تاهیر و وەشانێن سارایە، مافی ئەم بەرهەمە بۆ فەخرەدین تاهیر و وەشانێن سارا لە کوردستان و سوید پارێزراوە.

---

**فەخرەدین تاهیر**

**هەژار موکریانی لە یەکێتی سۆڤیەت،**

چوار قەسیدەی شاعیر،بەشی یەکەم

چاپی یەکەم ٢٠٠٩

ژمارەی سپاردن: ٥٥٥

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: **لوقمان رەشیدی**

چاپ: [illegible]

تیراژ:

نرخ:

**هەولێر - کوردستان**

---

پێشکەشە بە
برا و هاوڕێم عەبدوللا پەشێوی شاعیر

وەشانێن سارا
I Samarbete med
STIFTELSEN FÖR KURDISKT
BIBLIOTEK & MUSEUM
Dalag.48
S-113 24 Stockholm, SWEDEN
info@saradistribution.com

ISBN 91 87 662 – 54-x

# پێشەكی

**فەخرەدین تاهیر***

**لەسەر تۆم دوژمنە دنیا ( قضیة مانع الجمع )ە**
**كەتەركی تۆ نەكەم تەركی هەموو دنیا نەكەم چبكەم؟**

**(مەحوی)**

چیرۆكی دۆزینەوەی ئەو چوار قەسیدە بڵاونەكراوەی هەژار موكریانی

ساڵێک دوای هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤیەت،باشتربیبێژم رێک ساڵی ١٩٩٢ بوو، بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی توونێل بەهۆی بانگهێشتكردنم لەلایەن كۆمپانیای سینەمایی تاجیكستان و بەهاوكاری برای هونەرمەندی سینەماكارم مەهدی ئومێد لەدەستپێكدا سەردانی شاری مۆسكۆم كرد و لەوێشەوە چووم بۆ شاری دوشەمبەی پایتەختی تاجیكستان،دوای

بەرهەمهێنانی فیلمی توونێل لەگەڵ مەهدی ئومێد گەڕامەوە بۆ شاری مۆسکۆ و لەوێشەوە بۆ شاری ستۆکهۆڵمی سوید و هەر بەهاوکاری ئومێدی هونەرمەندەوە بوو، قبوڵێکی خوێندنم لە ئەکادیمیای سینەما لە مۆسکۆ بۆ هات و لە دەستپێکی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٢ەوە بە هۆی خوێندن لە رووسیا جێگیر بووم.

بێگومان مانەوەم بە هۆی خوێندن لەدەستپێک لە شاری مۆسکۆ و ساڵێک دواتریش بەیەکجاری بۆ خوێندن لە بەشی رۆژنامەوانی لەزانکۆی پیترسبوورگ تا خوێندنم تەواوکرد لەوێ مامەوە، لەماوەی مانەوەمدا،بەبەردەوامی لەئەرشیفخانەکانی ئەو شارەدا خەریکی بەدوادا گەڕانی دەسنووسەکوردییەکان و چاپەمەنییەکانی دیکە بووم کە ئەوانەی بەکوردی یان زمانانی تری بێگانە لەسەر کورد دەرچوو بوون،دوو ساڵێک بەسەر مانەوەم لەشاری پیترسبوورگ تێپەر ببوو، ئەز و چەند برادەرێک لە دەستپێکی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٩٥دا بوو سەردانی ماڵی دکتۆر کەریمی ئەیوبیمان لەشاری پیترسبوورگ کرد، مامۆستا ئەیوبی پێراگەیاندم کە چەند دەستنووسێکی لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی هەژار موکریانی لەلا بووە و هەر هەمووشیانی لەگەڵ (ئیرینا ئاناتۆلیڤنا سمیرنۆڤا)ی هاوژینی پێکەوە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی و بڵاویانکردۆتەوە.

هەر لەو دانیشتنەماندا دکتۆرکەریم ئەیوبی سۆزی پێدام کە

جارێکی تر سەردانی بکەمەوە و تا کۆپی دەستنووسەکانی هەژار موکریانیم بداتێ،هەندەی پێنەچوو سەفەرێکی کورتم بۆ سوید کرد، پێش گەڕانەوەم بۆ شاری پیترسبوورگ لە رووسیا هەواڵی کۆچباربوونی دکتۆر کەریمی ئەیوبیم پێگەیشت ودواتر لەلایەن هاوژینە بەڕێزەکەی (ئیرینا ئاناتۆلیڤنا سمیرنۆڤا)وە تەرمی پیرۆزی مامۆستا ئەیوبی دەگەڕێندرێتەوە زێدی بابوباپیرانی و لە شاری مەهاباد لە پێشوازییێکی کەم وێنەدا لەلایەن دۆست و هەڤاڵانی خۆی و ئەدیبدۆستانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە و لە شاری مەهاباد بەخاک دەسپێردرێت.

دوای کۆچبار بوونی مامۆستا ئەیوبی بەماوەیەک دواتر بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە(ئیرینا ئاناتۆلیڤنا سمیرنۆڤا)کرد و داوای دەستنووسەکانم لێکرد،مخابن بەڕێزیان لە وەڵامدا پێیگوتم: دەتوانی سەردانی ئەرشیفخانەکانی شاری پیترسبوورگ بکەیت و بەشی هەرە زۆری دەستنووسەکانی هەژاری موکریانی لەوێ پارێزراون. لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی:(کەریم ئەیوبی) هەموو دەستنووسەکانی هەژار موکریانی پێشکەش بەئەرشیفخانە کردووە.

بێگومان ئاخاوتنەکەی (سمیرنۆڤا)ی هاوژینی مامۆستا ئەیوبی بۆ من جێگەی سەرنج و رامان بوو کە پێی گوتم: (دەتوانی سەردانی ئەرشیفخانەکانی شاری پیترسبوورگ بکەیت و بەشی هەرە زۆری دەستنووسەکانی هەژاری موکریانی لەوێ پارێزراون ).ئەودەمە بۆم روونبۆوە کە

تەنـی ئەو چەند قەسـیدەی هەژار موکریانـی نییە و بەڵکو دەبێ دەستنووسی دیکەشی لە ئەرشیفخانە پارێزراوبن.
مخابن نزیکەی (٥) ساڵێک زیدەتر بەدوای ئەم دەستنووسانەی هەژاری موکریانی لەئەرشیفخانەکانی سانکت پیترسبوورگ گەڕام هیچم دەستنەکەوت،چونکە هۆکاری نەدۆزینەوەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، نە کۆدی ئەرشیفکردنی دەستنووسەکانی هـەژار موکریانی و نـە ناوی بابەتەکانم دەزانـی و وێڕای ئـەوەش نەمدەزانـی لـەکام ئەرشـیفخانەی ئەم شـارە دا ئەرشیف کراون.ئەوی جێگەی گوتنە ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لەدەسـتپێکی مانگی شوباتی سـاڵی ٢٠٠١ بوو، بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە پرۆفیسـۆر (زاری یوسپۆڤا)ەوە کرد و داوام لێکـرد کە لەم ڕووەوە هاوکارم بێ ، لە بەرسـڤدا پێیگوتم: پەیوەنـدی بە(ناتاشـا)بکە و کـە خـۆی کارمەندێکـی ئەم ئەرشـیفخانەیە وخۆشـم بە تەلەفۆن ئاگاداری دەکەمـەوە کـە هاوکاریتـان بکات، هـەر هەمـان ڕۆژ لای ئێوارەکەی بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە(ناتاشـا) کرد و کاتێکی بۆ دیاری کـردم و لە ئەرشـیفخانەکەدا سـەردانم کرد و ڕێـگای بۆ دانـام کە بە چ شـێوەیەک ئەو دەستنووسـانە بدۆزمـەوە و(ناتاشـا)ش بە ئافرەتێکی دیکەی هەمان ئەرشیفخانەکەی خۆیانی ناساندم بەناوی (نادیا ) و ئەو ژنەش زۆر هاوکارم بـوو و توانیـم لە ڕێـگای ئەو ژنـەوە لە یەکـەم دیدارمدا لەگەڵ ئەم خانمە ڕووسـە دەستنووسێکی هەژار موکریانی ببینـم و هـەر دەسـتبەجێ داوام لە خانمە ڕووسـەکە کرد

کـە ئەم دەستنووسـەم بۆ کۆپی بـکات، لەوەڵامدا: پێیگوتم دەبـێ رەزامەندی بەرپرسـی ئەرشـیفخانەکەمان بهێنی و ئەو دەمـە دەتوانین بۆتان کۆپـی بکەین،(نادیا) لە درێژەی ئاخاوتنەکانیـدا گوتـی: بەرپرسـەکەمان لە سـەفەر دایە و هەنوکە لە وڵاتی (چین)ە،چونکە خۆی پسپۆرە لەزمانی چینی و بۆ لێتۆژینەوەیەکی زانسـتی ئێسـتا کە لەوێیە و نزیکەی تا مانگێکی تر بۆ رووسـیا ناگەڕێتەوە. دوای ئەوەی (نادیا) قسەکانی بەکۆتا هێنا و پێمڕاگەیاند کە چەند رۆژێکی تریش منیش سەفەر بۆ سوید دەکەم و دیار نییە کەی دێمەوە بۆ رووسـیا، دەکرێت هەر ئێسـتاکە لێرە دابنیشم و بەدەست خەتی خۆم تەواوی ئەو دەستنووسەی هەژار موکریانی کە بریتینە لەو کۆمەڵە قەسیدەیە،بنووسمەوە..؟
نادیـا سـەرێکی هێنـا و سـەرێکی بـرد و بەکەمێـک بیرکردنەوەیەکی خێـرا،ڕووی تێکردم و گوتی: بەمەرجێک بەبەرچاوی خۆمەوە،دەبێ بیانووسـیتەوە. منیش یەکسـەر داواکارییەکـەم پەسـەند کرد و هەر لـە ژوورەکەی خۆی دانیشـتم و خۆشـی بەرامبـەرم روونیشـت و دەسـتم بە نووسـینەوەی دەستنووسـی شـیعرەکانی موکریانی کرد و دوای ئـەوەی لـە نووسـینەوەی بوومـەوە، یـەک دوو جارێک زۆر بەهێواشی و بەدیقەت لەگەڵ دەستخەتی خۆم ودەستنووسـە ئۆرگیناڵەکەی هـەژار موکریانی بەراوردم کرد، بۆم دەرکەوت کە دەستنووسـەکەم وەک ئۆرگیناڵەکە بەبـێ کەموکـوڕی نووسـیوەتەوە و دواتـر دوای تـەواو

بوونی ئەو کارە زۆر سوپاسی ئەو خانمە رووسەی ئەرشیفخانەکەم کرد و خواحافیزیم لێخواست و دەستبەجێ ئەویم جێهێشت.

هەڵبەتە مەبەست لەو پەلە کردنەم ئەوە بوو،کە لە دڵی خۆم وام لێکدەداوە و دەمگوت: نەوەک جارێکی تر بێمەوە ئێرە و ئەو دەستنووسانە لێرە نەمابن و فرسەتە هەر چۆنێک بێ با ئێستا بە هەرشێوەیەک بێت بە دەستیان بخەم، دیارە هەرواشم کرد.

بێگومان تەواوی دەستنووسی شیعرەکانی هەژار موکریانی لە ئەرشیفخانەکەدا تەنێ (٨) قەسیدە بوون، دوای بەراورد کردن لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی هەژار موکریانی بەسەرناوی (بۆ کوردستان)، بۆم دەرکەوت (٤) لە قەسیدەکانی لە دیوانەکەی دا نییە. هەشت قەسیدەکەشی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١ـ مشک و مێروو

٢. کرمی ناوخۆ

٣. قەل و کەو

٤. گوڵی پشکووتوو

٥. لای لایە

٦. ئینتیقام

٧. خوێندن

٨. دووباز پێکەوە

هەر چوار قەسیدە بڵاونەکراوەکەی شاعیر بریتییە لەمانە:

١. گوڵی پشکووتوو
٢. ئینتیقام
٣. خوێندن
٤. دووباز پێکەوە

دیارە هەژار موکریانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨بۆ جاری یەکەم سەفەری یەکێتی سۆڤیەتی کردووە و ماوەیەک لە شاری مۆسکۆ ماوەتەوە و هەر ئەوماوەیەش کە لەوێ بووە ئەو بەرهەمانەی خۆی لەوێ بەجێ هێشتووە ودواتر ئەرشیف کراون، بەڵام بەگوێرەی دەستنووسی قەسیدەکانی دیار نینە کە لە کەی و لەکوێ ئەو چوارقەسیدەی نووسیوە،چونکە هیچ یەکێکیان مێژوو و شوێنی نووسینیانی بەسەرەوە نییە، بەڵام بەمەزندەی خۆم وای بۆ دەچم هەر دەبێ پێش ساڵی ١٩٥٨ لەکوردستان،یانیش لە ساڵی١٩٥٩ لە مۆسکۆدا،نووسرابن.

ئەوی جێگەی گوتنە تەنێ قەسیدەی بەسەرناوی ( گوڵی پشکووتوو) بەگوێرەی ناوەرۆکەکەی وای تێدەگەم لەسەر دەمی کۆمار یانیش ئەمەشیان دوای رووخانی کۆمار نووسرابێت. هەرچەندە سەد لە سەد ئەم دوو بۆ چوونانەم جێگیر نین،چونکە دەکرێت شاعیر دوای نەمانی ئازادی بە شیعر باسی لەسەردەمی ئازادی کۆماری کوردستان لە مەهابادکردبێت.

## ژیننامەی هەژار موکریانی

عەبدولرەحمان شەرەفکەندی (١٩٩٠ - ١٩٢٠) کە بە هەژاری موکریانی لە نێو ئەدەبیاتی کوردی خۆی ناساندووە، مرۆڤێکی بیرمەند وشارەزایەکی مەزن بوو.

مام هەژار لە زۆر بواری کولتووری کوردی پسپۆر و شارەزا بوو، هەڵبەستڤان و مێژووزان و زمانزان و وەرگێڕێکی بلیمەت و بیرمەندێکی هوشیار بوو، ولە زۆربەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەئاخاوتن و نووسین شارەزا بوو، سەرباری ئەوەش زمانی فارسی و عارەبیشی دەزانی و زۆر بەرهەمی لەزمانی فارسی و عارەبی تەرجەمەی زمانی کوردی کردوە.

لە هەر هەمووشیان بەرچاو و دیارترینییان ئەمانەن :

١- شەرفنامە

٢- قورئانی پیرۆز و زۆری دیکە.

دەربارەی نووسینەکانی خۆشی گەڵێک شاکاری گرنگ ودیار و گەورەی بەچاپ گەیاندووە و لە مانەش:

١- دیوانی بۆ کوردستان

٢- مەم و زینی خانی

٣- دیوانی مەلای جزیری

٤- چێشتی مجێور و چەندین نووسین و بابەتی جۆراو جۆری دیکەی لێرەو و لەوێ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

مام هەژار و هێمن موکریانی هەردووکیان بەهەڵبەستڤانی کۆماری دیموکراتی کوردستان ناوبانگیان دەرکردبوو و

دوای رووخانی کۆمار ئەوانیش لەگەڵ سەدان تێکۆشەری دیکە ئاوارە و ماڵوێران بوون. هەژار موکریانی ژیانێکی پڕ لە خەبات و بەرخۆدانی لە پێناوی ئازادی کوردستاندا، بردە سەر و بەبێ کۆڵنەدان و نەسرەوتن تا دوا ڕۆژی ماڵئاوایی درێژەی بەم خەباتەی خۆی داوە.

دەستپێکی هەڵبەستڤانی هەژار ئەگەر بە دیقەت سەرنجییان بدەینێ و بۆمان دەردەکەوێت کە بەشیعری سادە و ساکار و لەژێرکاریگەری شیعری میللی کوردی شیعری هۆنیوەتەوە و دواتر هێدی هێدی پەرەی بەبەهرەی شاعیربوونی خۆی داوە، بۆ سەلماندنی ئەوەش ئەگەر چاوێک بەسەرجەمی شیعرەکانی ئەودا،بخشێنینەوە ئەوەدەمە زێدەتر لەنێو شیعرە سیاسییەکانیدا بۆمان ڕووندەبێتەوە.

هەر وەک لە دیوانی ( بۆ کوردستان)ە کەیدا لە شیعری بەسەرناوی ( هەر کوردم) بە گوێرەی ئاماژەیەک بەم شێوەییە،نووسراوە: ( ئەم شیعرانەم لە پشتی وێنەیەکی یادگاری نووسیووە: بەغدا، ٩-٧-١٩٤٨)

**بەدەربەدەری یان لە ماڵی خۆم**
**لە خاکی عەرەب لە ئێران و ڕۆم**
**کۆک وپۆشتە بم ڕووت وڕەجاڵ بم**
**کۆشکم دەقات بێ، وێرانە ماڵ بم**

یان:

**بەکوردی دەژیم بە کوردی دەمرم**
**بەکوردی دەیدەم وەرامی قەبرم**

## بەکوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
## لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە

هەژار موکریانی لە شیعرەکانیدا هەردەم بانگەشەی بۆ یەکریزی و یەک پارچەیی خاکی کوردستان کردووە، لە کن ئەودا کوردستان یەک کوردستان بووە و ئەوەی لەیەکی جیا کردونەتەوە ئەو سنوورە دەستکردە بووە و پەیامی شیعرەکانی ئەو بیرمەندە بۆ هوشیاری نەتەوایەتی نەتەوەی کورد بووە، عەبدوڵلا پەشێوی شاعیر لە فێستیڤاڵی هەژار کە لە رۆژی ٣-١١-٢٠٠٢ دا، لەشاری هەولێر سازدرا، گوتی: (هەر ئەوەندە دەڵێم لای من هەژار لەچەند روویەکەوە سمبۆلێکی گەورەیە، پێش هەموو شتێک سمبۆلێکی سنوور پەڕێنە یان سنوور بەزێنە. هەژار لەهەر شارێکی کوردستان بووبێ، لەهەربەشێکی کوردستان بووبێ، ئەو بەشە و ئەو شارەی، بەزێدی خۆی زانیوە. هەژار کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، هەموو ژیان و هوشیاری خۆی لەبەشەکانی تری کوردستان بەسەربرد، هەموو ژیانی خۆی بۆ دۆزی ئەو بەشەی کوردستان دانا).

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە هەموو شیعرەکانی کە لە سەرجەمی بەرهەمە بڵاوکراوەکانیدا بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەژار موکریانی تەنێ مەبەستی ئەوە نەبووە وەک هەڵبەستڤانێک دەرکەوێت و بەس، بەڵکو مەبەستی هەژاری موکریانی هوشیاری نەتەوەکەی لە رێگای شیعرەکانییەوە بووە و وەک ئاگاداری و داخویانییێک

و لە فۆرمی گوتاریکی سیاسی بەلام بە شێوازی نووسینی شیعر، ئاراستە کراو بووە، بێگومان روون و ئاشکرایە هەردەم لە مەیدانی خەباتی نەپساوەی خۆی لەو پێناوەدا بە قەڵەمێکی بوێر و نەترساو تێکۆشاوە و هەبوونی خۆی سەلماندووە. ئەگەر سەرنجی شیعری (سروود)ی مام هەژار موکریانی بدەین، بۆمان روون دەبێتەوە، هەرچەندە زۆردار هێز و سەرمایەی هەبێ ، خەڵکی نیشتیمانپەروەری بۆ دەستەمۆ ناکرێت.

بێگومانم کە میللەتی هوشیار وخودان بیروباوەر، هەردەم براوەیە، و زۆرداریش چەند هێز و سەرمایەی هەبێ، لەدوماهیدا ئاکامەکەی بە دۆڕاوی بە کۆتا دێت.

ئەوی شیاوی گوتنە لە دوا بڕگەی شیعری (سروود)دا، راستی دید و بۆ چوونی ئێمە مانان دەخەتە روو:

***لەڕووی دۆست رووخۆش و گەش هەر منم***
***لەڕووی دوژمنی مەوتەنم مردنم***
***گەزەنفۆن و شێردل دەدەن شاهیدیم***
***کە شێری شەڕ و کۆتری ئاشتیم***
***بە دۆلار ئەوی ویستی دنیا گری***
***یەقین خۆی دەتۆپێت وکوردنامری***
***هەزار سوێندی بەغدا وەکوو پووشە لام***
***لەسەر زۆرکەران مەرگە هێزی سەلام***
***سەروماڵ بە قوربان دەکەین گشتمان***
***لەڕێی سەربەخۆ بوونی تۆ نیشتمان***

لـە دوماهـی ئەم کورتـە نووسـینەم دەربـارەی چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو چوار قەسیدەی هەژار موکریانی، هەر ئەو دوو دێـرەی مام هــەژار خۆی دەکەم بە کۆتـا هێنانی، کە نووسویەتی:

بیخوێنەوە و بە چاوێکی بێ لایەنەوە سەرنجی بدە! بەشکە شتی وای تێدا هەبێ بەر دڵت بکەوێ. خۆ ئەگەر هەمووشیانت پێ چرووک بوو، بیر لەوە بکەوە کە زۆر وشــەی کوردیم خستۆتە سەرکاغەز، ئەمەش وابزانم هەرباشە.

ستۆکهۆڵم ئاداری ٢٠٠٩

**سەرچاوە:**

١. هەژار بۆ کوردستان، انتشارات هەژار، سنە، ئێران١٣٨٥

٢. فیستیڤاڵی هەژاری موکریانی لەڕۆژانی ٣- ٥ی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ٢٠٠٢ داڵەشاری هەولێر بەڕێوەچوو.

***

• فەخرەدیـن تاهیـر لەسـاڵی ١٩٥٥دا لـە شـاری هەولێر لەدایـک بـووە و ماجسـتێری لـە زانسـتی رۆژنامەوانـی بەدەستهێناوە.

• بـۆ پێوەنـدی کـردن بە نووسـەر، دەکرێت بەم پۆسـتە ئەلکترۆنییە پەیوەندی لەگەڵ گرێبدەن:

fakhradintahir@yahoo.se

دووباز پێکەوە

دووباز پێکەوە

دووباز پێکەوە

دووباز پێکەوە

دووباز پێکەوە

دووباز پێکەوە

دوێنێ ئەو دەمەی کۆچی دەکرد شەو،
بۆ موژدەی بەیان لە قاسپەی دا کەو.

چورە پۆپنە کەوتەوە سەما،
بەهێز دەیسیڕاند ، رۆژە ، شەو نەما.

چاوی خەواڵووم لەخەو راپەڕان،
چووم بۆ دەشت و دەر بۆ سەیر و گەڕان.

چاوم پێکەوت بەزەردێکەوە،
گفتوگۆیان بوو دووباز پێکەوە.

## بازی یەکەم

برادەر، تا کەی ژینی خۆڕایی ،
وێڵگەرد و چۆڵبەڕ دوور لە ئاوایی ،

تەواویی ژینت ، قەلشە بەرد جێتە ،
کێوی،زەنوێتە،نەزان و شێتە..؟

شەمەک چڵکن و ئەندام دژوێنی ،
لە کوێ شیو دەکەی ،تێ دەوەشێنی ؟
چیا و کەژ دەگری دەفڕی لە خۆ وە ،
کەوێک قووت دەدەی بە پەڕ و پۆوە.

نە خواردەمەنیت پووخت و پاراوە،
نەهەرگیز ماڵت گەسک دراوە.

نە کوڕە و کورسی بە سارد و سەرما ،
نە باوەشێنێ لە جەنگی گەرما .

شەو بە تاریکی لەو چۆڵ و هۆڵە ،
سەرینت بەرد و دۆشەگت خۆڵە .

بە گەڵای کوندی دەنووی سەری شەو ،
بە ناڵەی درنج هەڵدەستی لە خەو .

نە جەمێکی باش دێتە بەر دەستت ،
نە کەس ئاگادار لە هەست و نەستت .

هەزار نەخۆشی و سەرێشە بگری ،
بێ داو و دەرمان نەشمری دەمری .

لە کاری چەتوون کێ یاریت دەکا.. ؟
کێ لە راست دوژمن داسداریت دەکا..؟
کەواکەت شڕبێ ، کێ بیکا پینە..؟
ئەوە سەگ مەرگە ، هەر نێوی ژینە .

ئەمن وەک تۆ بێ پیشە و کارم ،
لێم نابێی بڵێم تەیری باڵدارم .

بۆ حەسوودی هیچ تێ ناکۆشی ،
بۆیە لە ژینت نابینی خۆشی .

## بازی دووەم

تا بوشتم ، نییە ، مەمشێلە ئیدی ،
بە تەوس و پلار مەمکووژە چیدی .
لەت لەتە جەرگم لێ مەدە نەشتەر ،
سەد هێندەی کوتیت بێکەسم و بێدەر .

ئەتوو وەکو خۆم نازانی من چیم ،
بە چەند ئاخ و داخ لە دنیا دەژیم .

پێم خۆشە ئەمنیش وە خۆشی گەڕێم ،
ئەگەر دەزانی کوانێ شوێن و ڕێم..؟

دەرمان کە دەردم ، برای چاکم بە ،
تا دەمرم برام ، ئەتوو کاکم بە .

**بازی یەکەم**

پێت خۆشە تووش بی شوێنی رزگاری ..؟
لەگەڵ من وەرە، بچینە شاری.

لە کۆشکی شادا پاڵ کەوە بێ خەم،
لەگەڵ کوڕی شا دەبیتە هاودەم.

لەسەر تەختی زێر هەڵنیشە تاوێ،
لەسەر دەستی شا بچۆرە راوێ.

لەبەر بریسکە هەڵنیشە بەشەو،
گوێت لە شمشاڵ بێ هەتا کاتی خەو.

لەبان لێسی زێو بەسەرینی قوو،
بنوو بەخۆشی هەر بەیان بەربوو.

سەر پەنجەت دەکوشن هەڵدەستێنن،
سینگە مریشکت بەرچا بۆ دێنن.

زەنگۆڵەی زێرت لە قاچی دەکەن،
زرِ باڵت بێ، هەڵپاچی دەکەن.

چەند ماڵ تەرخانی رۆژی پێویستیت،
لەکن شا لە رووی زۆر خۆشەویستیت.

جێگایێک باشە، چ ژوور چ دەرت،
چل دەرمان فرۆش دەگەنە سەرت.

کاتی سەرما و سۆڵ لە پەنا سۆبە،
ڕاکشێ و دەتشێلن نۆکەر بە نۆبە.

بەچلەی هاوین گەرما و کوڵە کوڵ،
نیسێت لێ دەکا شا بە چەتری گوڵ.

هەر مانگێ تۆنێک شەکر بۆ چینە،
دەت دەنێ، کامی سپیە و شیرینە.

هەرچی دەتەوێ، هەرزان و تاڵان،
دەسا با بدەین لە شەقەی باڵان.

**بازی دووەم دەپرسێ:**

ئەو شاری گوتت،شاری بازانە ؟
پاشای ئەو شارەش بازی چازانە ؟

دەست و پێوەندی هەموو هەر بازن ؟
لە رێی نیشتمان سەرپردە بازن ؟

ئەو شەکرەی گوتت،باز دەیدا بەپیاو ؟
باز دەمان داتێ کەباب و پڵاو ؟

دەرمان باز دەیکا ساز بۆ زام و ئێش ؟
دەستکوژی بازە دەمانهێنە پێش ؟

تەختی زێر زێری خاکی خۆمانە ؟
وەستای زەنگی زێر کاکی خۆمانە ؟

باز هەڵی دەکا چرا بە شاباڵ ؟
باز لێدەدا بلوێر و شمشاڵ ؟

بەزمانی بازان دەمان دوێنن ؟
بەڕووی خۆشەوە دەکارمان دێنن ؟

بۆ باز ڕاو دەکەین ، کەوی بۆ دەگرین ؟
لەخاکی خۆمان دەنێژرێین بمرین ؟

بازی یەکەم

ئەوە تۆ شێتی یان وا دەنوێنی ؟
ئەو وەتەنە چەن دەیان رەوێنی ؟

کەی باز شای بووە تا ئێستا بیبێ ؟
بیسراوە ، کێوی تانج و تەختی بێ ؟

کوا ئەو هۆشیان دروست کەن شاران ؟
هەربازیان کوتووە و ماڵ لە نزاران.

چۆن پیاو نەخوێنێ ، هەڵدەکا چرا ؟
هۆشت لە کوێیە ، بەش خورا برا.

ئێمە و دروستکەین لیسی زێو بۆ خۆ ؟
بۆ هۆش و خۆشیت هاوار و رۆ رۆ ؟

زانستی دەوێ درووس کەی چەتر،
خوێندنی دەوێ کارخانەی شەکر،

دندووکی بازی بۆ شمشاڵ نابێ،
زێر لەخاک دەرهێن دەبێ زانا بێ،

ئێمە و زەنگی زێر دەنگ بداتەوە ؟
پێموایە گێژی خەو دەتباتەوە.

ئەوانە بۆمە گەلەک ئاستەمن،
ئەوی من دەیڵێم رۆڵەی ئادەمن.

خوێندنیان هەیە و ڕێگا دەزانن،
ئارەزووی هەرکاربکەن،دەتوانن.

هەموو تیرەیێک برا و کۆمەڵن،
لەداوای بەشدا لە مەیدان کەڵن.

خوێنیان دەرێژن لەسەر تۆزێ بەش،
لەڕێی ئازادی بێسەر دەکەن لەش.

فرۆکەیان هەن کەلێی دەخوڕن،
ئەوان لە ئێمە چاتر دەفڕن.

گەڕۆکیان هەیە خۆی ببزوێنی،
هەزاری وەک مە بەجێ دەمێنی.

شتێکیان هەیە کاری کارەبا،
وتەی کوێستانی بۆ گەرمین دەبا.

لەهەر کوێ بدوێن لێرە گوێت لێیە،
پاک دەنگ و باسی سەر زەوی پێیە.

کوڕیان دەنێرن پیشان فێر دەبن،
هۆز ئەگەر وابێ، گورج و تێر دەبن.

زێری خاکی مە ئەو دەریدێنن،
نەوتی ئێمەیە ، ئەو دەیسووتێنن.

کن هێلانەکەت پڕێ لە سێوە،
دارستانەکەت خڕێ لە مێوە.

زەڕنیقی تۆیە ، لە پێشتی دەبەن،
خوێی خاکی تۆیە، لەچێشتی دەکەن.

دەکاری دێنن بە خۆ بە خۆی،
تۆ کەنگی کردت کردەوە کۆیی ؟

بنێشتی تۆیە دەیکەن بێ ئامراز،
بەبەنی خۆتە دەدوورن چاوی باز.

پێویستە ئێمە وشەی وان فێر بین،
لەکاری واندا ئازا و دلێر بین.

سەد هەزار بازی تیژ باڵ و راوی،
بوونە نۆکەریان، تۆ بەجێماوی.

سەربەستی بۆ باز چۆن دەبێ، کاکە ؟
ئەوی من دەیڵێم، وا بکە ، چاکە.

## بازی دووەم

کەوا بێهۆش و بەستەزمانین،
بێکار و خوێری و جێگەی گومانین.

پێشەی وان بۆمە رێگەی تێ نەبرێ،
پاشا لەبەرچی ئێمە رادەگرێ ؟

ئێمەی بۆ دەوێ، بەکاری چی دێین،
بۆ ئەو نازانێ، ئێمە چین و کێین ؟

لەڕووی بۆچی؟ بۆ خۆشەویستین؟
بۆ کام کاری ئەو ئێمە پێویستین؟

## بازی یەکەم

تۆ ئەمڕۆ برام هۆشت لە کوێیە ؟
باسی رۆستەمە: نێرە یان مێیە ؟

ئەمن پێمکوتی ئەو خاک و مۆڵگە،
ئەگەر تۆ هەتە بۆ ئەو بێ کەڵکە.

گیانی خاکەکت دەکێشێ بۆ خۆی،
دەزانێ خاوەن، ئەگەر بێ ، ئەتۆی.

چاوت دەبەستێ هەر ئەو بناسی،
ڕێت لێ ون دەکا کورت و بڵباسی.

دەنێرێتە راو کەوی بۆ بگری،
مەرگ بۆ ئەو هات دەبێ تۆ بمری.

بەشەڕمان دەدا، بەیەکمان دەکژێ،
بۆسەر خۆش خۆی خوێنیمە دەمژێ.

ئێمە هەر بۆیە دەکا پەروەردە،
لەگیانی یێکتر ببینە جەردە.

دەبێ رووی خۆشت دەگەڵ بنوێنێ،
تا دین و دنیات لە چەنگ دەربێنێ.

### بازی دووەم

ئەوا تێگەییم لە کاری گێتی،
ئەمجارە، گیانە، من تۆم پێ شێتی.

ئەویش دەزانی بۆ شایان خەریکی،
لەپێکیش دەدەی هەم لە ماپێکی،

ئەوی تۆ دەیکەی، من بمکردایە،
نێویان دەنام کەر لەسەر دنیایە.

چی دەبێ، نەچی نۆکەری شا کەی ؟
دەسکەی بەکار و روو لە خولاکەی ؟

بێی لەگەڵ منا ،بچینە رەزان،
بۆ برایەتی ببینین بازان.

لەدەورێک لەو چیا بەرزانە،
هەرچی باز هەیە بکا هێلانە.

لێک کۆبینەوە و شاری بکەین ساز،
خوێندن دا بنێین بەزمانی باز.

هەموو جووجکەمان پێیان بخوێنین،
لەسەر پیشە و کار دایان مەزرێنین.

دندووکیان تیژکەین بۆ مێشکی دوژمن،
دەرکەین نەتەوەی لە سووچ و قووژبن.

هەرچی دەمان بێ بەختی کەین لە خۆ،
دەقات زیاد بکەن باڵ و پەڕ و پۆ.

پیرۆزی پیرۆز پێی بەرین پەنا،
لە ژێر سایەی خۆی بمانکاتە شا.

ئیدی نە چیا لای دوژمن خوێنی،
لەوبابەتەوە ئەو جار نەمدوێنی.

نامووس باشترە لە باب و دای،
ئەو نییە، بۆیە دەکەی گەدای.

هەتا نەمان بوو وەک تۆ هەناوکەم،
باز بوو دیبەخشی تاج و تەختی جەم.

باز بنیشتبا لەسەر سوولکەری،
دەبوو بە خاوەن ئەنگوست و ئەفسەری.

سەد دار پیر دەبوو بە ئاواتەوە،
جارێک باز ئەوی بەسەرکاتەوە.

ئێستا تۆمان هەیە بۆیە تەواوین،
بۆیە لەکن سەگ پیس و کلاوین.

دڵخۆشیم دەدەی دین و دنیاکەم،
بۆ تۆزێ شەکر پێشکەشی شاکەم ؟

برۆ،تۆ رەگی مەردیت مردووە!
نازانی زانا چۆنیان فەرمووە!

پیاو کێوان بە شان بگۆزێتەوە،
ئەندامی لەنێو خوێن بتولێتەوە.

لەبڕی نان بە خۆی خۆڵەمێشی بۆر،
ژەهری هەلاهێل بکەی بە پێخۆر،

بۆ کەوش دڕوو بکەیتە سەرپێ،
بچیتە ناو خیز لە باتی دەرپێ،

زستان و شەختەبەند هەڵتلەرزێنێ،
هاوین جەنگەی کار نۆبەتت بێنێ،

کەوای نەداری بکەیتە بەرت،
کڵاو بەبزمار بدەن لەسەرت،

لەگەڵ هەژدیها بتپێچنە نێوخار،
لەچاڵت بخەن لەگەڵ سەگی هار،

هەموو خوێی دەریا بکەیتە چاوان،
سەد ساڵ بەندی بێ سووچ و تاوان،

باڵت بوەرێ، پەک بخا بۆ راو،
هێلکەت بگنخێ لەبەر سوورەتاو،

بەسەری پیری دە جووجکەت بمرێ،
جەنگەڵت کوڵ بێ، کەوێکی نەگرێ،

ویڵگەرد و بێ جێگران لە هەردان،
لەسەر خۆڵ خەوتن سەر لەسەر بەردان،

لەرزِد و سەختا هێلانە کردن،
نەوەک نۆکەری بێگانە کردن !

من کە ئەوەم بیست، مات و سەرگەردان،
بیری رووناک و بازی بن بەردان.

دیارە، باڵندەش هەندەک بەبیرن،
هەندەکیش لەناو نەزانی گیرن.

کە خورت بووم، دیتم ئەو دوو باڵدارە:
یەکێک ئاغایە و یەکێک هەژارە.

کوڵی پشکووتوو

گوڵی پشکووتوو

گوڵی پشکووتوو

گوڵی پشکووتوو

گوڵی پشکووتوو

گوڵی پشکووتوو

ئەی گەلی کوردەکان براکانم،
ئەی ئەگەر سۆزەکان رووح وگیانم،

لاوە خوێن پاکەکان چاپوک و زیڤ،
پیرەمێردانی خێوی هۆش و بیر!

ئەی کەسانێکی ئەورۆ ئازادن،
لێو بەخەندە و کەیف و دڵشادن!

لەبڵندان دەبیندرێ ئاڵاوە،
لەگەرووی دوژمنان کرد تاڵاوە.

هیچ دەزانن کە نیشتمانی کورد،
بێشکەی ئابڕووی کوڕانی کورد.

لەبەرزنجەوە بەسنجارا،
هەر لە ئەنتابەوە زارا،

قارش و بایز تەواوی ئەو خاکە،
مەوتنی کوردانی خوێن پاکە.

ئێوە دەستن بەنیسبەت ئەو بەدەنە،
دەستی رزگارە لەو هەموو وەتەنە.

هەر لەسەر تا بەپێ وتن یەخسیر،
دەستێ هاتۆتە دەر لە ژێر زنجیر.

ئەوی ئازاد و شادە بەیەک دەستێ،
کەچی سەرگەرمی خۆشییە و مەستێ.

چۆن دەبێ دەستی وا بەکەترە خەمی،
ڕاکشێ و بۆ بەدەن نەبێ ئەلەمی ؟

دەبێ تا هێزی ماوە ئەو دەستە،
تا رەگ و خوێنی خاوەنی هەستە،

ڕابسێ تا ڕەهاکە بەدەنی،
کورد دەبێ گیان بدا لە ڕێی وەتەنی.

کوردەواری بەهەشتی دنیا بوو،
داخەکەم سەردەمێک بوو فەوتا بوو.

لەبەهاری سوولعە لە ئەم باخە،
گوڵ و پشکووتووە کە سابلاخە.

بێ هومێدم کە ریشە ئاژۆکا،
بێ گوڵان کوردەواری تاپۆکا.
لاوە خوێن پاکەکانی ، خوێن شیرین،
ئەو دوعایە دەکەم ، بڵێن «ئامین» !
ڕەبی هەر کە لەبەر تەمای نەوتی،
خاکی مەی کرد لەت لەت و زەوتی.

نەوتی پێدا بکەین و گڕ بگرێ،
گڕی زوڵمێ لە گێتی دا بمرێ!

ئينتيقام

ئينتيقام

ئينتيقام

ئينتيقام

ئينتيقام

ئينتيقام

ئاخ،چەند خۆشە لە ڕێی نیشتمان،
وە سوالی كەوی وەك ئێلی بارزان.

چەند خۆشە لە ڕێی نامووس و شەرەف،
ناز و نیعمەتت بڕوا بەتەلەف.

ئاخ،چەند خۆشە لەسەر ئازادی،
تووشی خەم ببی لەدەس دەی شادی.

ئاخ،چەند خۆشە لە ڕێی وەتەندا،
برات ببینی پێ لە پێوەندا.

ئاخ،چەند خۆشە لە ڕێی ویژداندا،
خوێنت بڕێژن لە ڕووی مەیداندا.

ئەمما بەو شەرتێ،لە دوای ڕۆژی ڕەش،
شەهیدی مەقسوود بگری لە باوەش.

دوژمنت تۆڵەی لێ بکرێتەوە،
ئەو داری لێیدای لێی بدرێتەوە.

لەجێ دەریانکەی بەماڵ و منداڵ،
لەخاکی غوربەت دەسبکەن بەسواڵ.

ناز و نیعمتیان دەربێنی لە دەس،
نەهێڵی بۆ ئاخ هەڵکێشان نەفەس.

خەمیان بدەیتێ لە وەختی جێم دا،
بەو بنوون لە ژێر لێفەی ئەلەمدا.

لاقیان بەماسێ بە پێوەندی تۆ،
بەسەر وانیش بێ چۆن و چەندی تۆ.

خوێنیان بڕژێ لەسەر هەرد و بۆ،
دایک یان قوڕ وەسەر، دەسکەن بە ڕۆ ڕۆ.

ئەری،ئینتیقام لەسەر رووی دنێ،
نیعمەت و خۆشی هیچی ناگەنێ.

هەر پیاوی حیزی تۆڵەی لە دوژمن،
لەدڵ دا نەبێ،کەمە و ناپەسن.

کوردە گیان،بیرێ بکەوە لە خۆت،
پێی ناوێ ئەمن شەرحی بدەم بۆت.

بەسێ،با بەس بێ دیلی و ژێر دەستی،
بەسێ،بێبەش بوون لە ژین و هەستی.

حەیفە بۆ کوردی نەجیب و ئەسیل،
لەدەس بێگانان وا ئەسیر و دیل.

گیانە، تا دوژمن سەری ئیشغاڵە،
نەردەکەت باشە دوو شەشت خاڵە.

باوی بێتەوە،وەک تۆی هەرزان،
بڵاوت دەکا لە سووچ و قوژبن.

خوێنت دەرێژن لە جێگای شەراب،
گۆشتت بۆ مەزەی دەکەن بە کەباب.

وەک ڕۆژانی زوو ژین و منداڵت،
دەگەڵ ئەسیری دەگرین بۆ حاڵت.

کوردە، نامووسێ بێنەوە بیرت،
هەستە بۆ تۆڵەت بە خامە و شیرت.

یان ڕزگار دەکەی خۆت و وەتەنت،
یان خێر، لە نامووس دەبڕی کفنت.

مردن بە شەرەف خۆشتر ژیانە،
حیزی و سەلامەت نیازی خوێریانە.

مەردبن،ماندووبن لە ڕێی ڕزگاری،
بابیتەکێنن تۆزی هەژاری.

خوێندن

خوێندن

خوێندن

خوێندن

خوێندن

خوێندن

چەند ساڵێکە کورد یەخسیر و دیلە،
لێو بەبار، خەمبار، کز و زەلیلە.

لە هەستی و ژیان بەشێکی نەبووە،
نێویان لە مێژووی زەمانە مەحووە.

دەسڕەنجی کوردی بێگانە بردی،
کوردیش موحتاجی دەستی نامەردی.

بەنەوتی کوردان ئەو دنیایەی دەوێ،
کوردیش چۆڵچرا هەڵدەکا شەوێ.

دوژمن دەوڵەمەند بە ماڵی ئەوان.
ئەوانیش ئێستا شوان و ڕەوکەوان.

ساتێ بەماشێن دەشتێ دەکێڵێ،
کوردیش تا شەو دێ ناکێڵێ هێڵێ.

ئەو لە دوو ڕۆژە خەرمانی کۆیە،
ئەو سێ مانگ کوڕی گەوز و مەڵۆیە.

ئەو لە کێو و کەژ رادەخا ئاسن،
ئەو بۆیە ساز نابێ سەرنیای گاسن.

ئەو ڕێگا و بانی قیل و ئەسفاڵتە،
ئەو لەسەر گۆلکان سەرگەمی قاڵتە.

باعیسی چییە؟ لەبەر چ وایە ؟
بۆ چ گەلی کورد کەوتۆتە دوایە؟

ئەگەر بۆ شەر بێ کورد ئازاترن،
بەنان و خوان بێ لەوان زیاترن.

دیارە،هیچ لانین ئەو دوا کەوتنە،
گەورەتر سەبەب هەر خوێندنە.

ئێمە نەزان و ئەوان خوێندەوار،
ئێمە نۆکەرین ئەو ئاغا و سەردار.

ئەو بە عیلمی خۆی وا بەهەواوە،
ئێمە لە جەهلا سەرمان سوورماوە.

بەکوردی خوێندن دەرمانی دەردە،
هەر نەزان نامەرد،هەر زانا مەردە.

هەرکەس نەخوێنێ نۆکەری خەڵکە،
بۆ هەموو چارخان خوێندن بەکەڵکە.

دەستم دامێن و ، ئەی پۆلی لاوان،
بخوێنن،مەکەن تەقسیر و تاوان.

پووشی خەرافات بەدەم بادا دەن،
لە باریکە رێی رێزوان لادەن.

چەند ساڵە دیلی تەمبەلی وانین،
خەریکی کەسبی جەهل و نەزانین.

خۆشبەختی کوردان یا خو رۆژی رەش،
لەدەست ئێوەدا بزانن ئێوەش.

چون بەمەردانە، بەنووکی قەڵەم،
ڕزگارمان دەکەن لە ژێر باری خەم.

بخوێنن، چاوم با ببنە سەردار،
دەنا وەکوو من پێو دەڵێن هەژار.

## پاشبەند

**دەربارەی چوار قەسیدەکەی شاعیر**

ئەوی جێگەی گوتنە شیعری بەسەرناوی (دووباز پێکەوە) درێژترین قەسیدەیە کەبریتییە لە (١١٤) دێر، و لە نێوان ئەو چوار قەسیدە بڵاونەکراوەیەدا بە بڕوای خۆم جوانترین بەرهەمی شیعری ئەوێ دەمێی هەژار موکریانییە. بێگومان مەبەستم ئەوە نییە ببێژم سێ بەرهەمەکانی دیکەی خراپن یان قەسیدەکانی لاوازن،ئەوانیش لە کات و زەمەنی خۆیدا نووسراون و پێموایە لە کن پسپۆرانی شیعر جێگەی سەرنج و رامان دەبن.

هەژار موکریانی ئەزموونێکی باشی لە مەڕ شیعری دایەلۆگ یان دایەلۆگی شیعر هەیە. لە شیعری (دووباز پێکەوە)دا، ئەم ئەزموونەی شاعیر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت.

هەر وەک دیارە شاعیر بەزمانی دوو باڵدار یان باشتربڵێم دووباز دایەلۆگەکی لە فۆرمی شیعر سازکردوە و هەر لە دەستپێکی ئەم دایەلۆگە شیعرییەدا بەم شێوەیە دەست پێدەکا و نووسیویەتی:

***دوێنێ ئەو دەمەی کلۆچی دەکرد شەو،***
***بۆ موژدەی بەیان لە قاسپەی دا کەو.***

یان:

***چاوم پێ کەوت بە زەردێکەوە،***
***گفتوگۆیان بوو دووباز پێکەوە.***

هەژار موکریانی لەم دایەلۆگە شیعرییدا،گفتوگۆیەکی جوانی شیعری لە فۆرمی گوتارێکی سیاسی ئاراستە کراودا دەسازێنێت،کە کەم شاعیری کوردی سەردەمی ئەو،مەبەست لەهەژارموکریانی شاعیرە توانیویەتییان ئەم جۆرە دایەلۆگە شیعرییانە بسازێنن وەک ئەوی ئەو سازاندویەتی.

ئەز ناخوازم لەو چەند رستە شرۆڤەکاریەمدا،ئاماژە بەبڕگەکانی دیکەی ئەم قەسیدە درێژ بدەم، بەباشدەزانم بۆ ئێوەی خوێنەر و پسپۆرانی شیعرناسی بەجێبێلم و بخوێننەوە و هەڵیبسەنگێنن.

هەژار موکریانی هەر وەک لە پێشەکیشدا ئاماژەمان پێداوە، دەستپێکی شیعرنووسینی بەزمانێکی سادە و ساکار نووسیوە،لەم چوار قەسیدەیشی ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە.

ئەوی شایەنی گوتنە شاعیر لەسەر کێشی شیعری

میللی کوردی شیعرەکانی سەرەتای شاعیر بوونی خۆی هۆنیوەتەوە. لەناوەڕۆکی قەسیدەی (گوڵی پشکووتوو)شدا، ئەگەر سەرنجی لێ بدەین،بۆمان دەردەکەوێت باس لە سەردەمی ئازادی کۆمار دەکا، هەروەک لە دوو دێڕیدا شرۆڤەی ئەو ئازادییەمان بۆ دەگێڕێتەوە و نووسیویەتی:

*ئەی کەسانێکی ئەوڕۆ ئازادن،*

*لێو بە خەندە و کەیف و دڵشادن!*

*لە بڵندان دەبیندرێ ئاڵاوە،*

*لەگەرووی دوژمنان کرد تاڵاوە.*

دوور نییە شاعیر ئەم قەسیدەیەی لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد نووسیبێت، یانیش دوای رووخانی کۆمار، وەک یادەوەرییێک داینابێ.

هەر لەسەرناوی ئەو قەسیدەیە دیارە ئینتیقام ،ئینتیقامە لە دوژمن، ئەمەشیان ئاشکرایە دوای رووخانی کۆمار نووسراوە و شاعیر بە شیعر داوای ئینتیقام دەکا لە دوژمنانی کورد و دەڵێ:

*دوژمنت تۆڵەی لێ بکرێتەوە،*

*ئەو داری لێی دای لێ بکرێتەوە.*

*لەجێ دەریانکەی بەماڵ و منال،*

*لە خاکی غوربەت دەس بکەن بە سوال.*

یان:

*ئەرێ،ئینتیقام لەسەر رووی دنێ،*

*نیعمەت و خۆشی هیچی ناگەنێ.*

هەژار موکریانی بە مەردی مردن بە خۆشترین ژیان لە

قەڵەم دەدا، و دەست بەکڵاو گرتن و حیزی و سەلامەتی بەڕەوشتی خوێریان دەچووێنێت و ئەوانەی لە پێناوی ڕزگاریدا، بەبێ نەسرەوتن تێدەکۆشن، دەبێ ڕۆژانی دوای ڕزگاری تۆزی هەژاری لە خۆیان بتەکێنن و هەر وەک نووسیویەتی:

*مردن بە شەریف خۆشتر ژیانە.*
*حیزی و سەلامەت نیازی خوێریانە.*
*مەردبن،ماندووبن لەڕێی ڕزگاری،*
*با بیتەکێنن تۆزی هەژاری*

بارزانی مەلا خالید هەردەم لە ئاخاوتن و نووسینەکانی دەربارەی هەژار موکریانیدا، هەژار بەدوو پەیڤ شرۆڤە دەکا و دەڵێ: هەژارێکی دەوڵەمەند، بەڕاستی هەژار موکریانی بەنازناو هەژار و بە هزر وکردار دەوڵەمەندێکی بیریار بوو. هەژار موکریانی دواکەوتنی میللەتی کوردی لە نەخوێندەواری و کەم زانست و زانیاری و هزر و بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە پارچە پارچە بوون و یەکنەگرتنەوەی یەکرێزی میللەتەکەی دەبینێتەوە.

*دیارە،هیچ لانین ئەو دوا کەوتنە،*
*گەورەتر سەبەب هەر خوێندنە.*

یان:

*ئێمە نەزان و ئەوان خوێندەوار،*
*ئێمە نۆکەرین ئەو ئاغا و سەردار.*

*ئەو بەعیلمی خۆی وا بەهەواوە.*
*ئێمە لە جەهلا سەرمان سوورماوە.*

یان:

*بەکوردی خوێندن دەرمانی دەردە،*
*هەر نەزان نامەرد،هەر زانا مەردە.*

شاعیر وای لێکداوەتەوە خوێندەواری دەرمانی هەموو دەردێکە، هەر بۆیە لەدوا دێری ئەو قەسیدەشی پیاوی نامەرد بە خوێری ناوزەد دەکا و پیاوی مەردیش بەزانا.
هەژار موکریانی تەجروبەی ژیانی خۆی و دەردە کورد و ئەو سەراو دەراوەی لەژیانیدا بەسەری داهاتوون لەبەرهەمەکانی ئەودا پانتاییەکی زۆریان داگیرکردووە، لەم هەموو رووداوەوژیانی ئەودا مەبەست لە هەژار موکریانییە، ژیان قوتابخانەیەکی گەورەیە و دەبێ هەموو کەسێک بەیەکسانی و بەبێ جیاوازی وڵاتەکەیان بەرێوەبەرن، ئەگەرنا سەرکەوتن مەحاڵ و ئەستەمە،
لە دوماهیدا دەبێژین سڵاو لە چاویدانی رووحی بەرزەفڕی هەژاری موکریانی، ئەو هەژارەی بیر و هزری پربوون لەداهێنان وپاراستنی پەیڤ و دەستەواژی زمانی شیرینی کوردی، کە لەو باوەڕەدام هیچ نەبێت، بەشێکی زۆری ئەو زمانە بەشێوەیەکی شیرن و پاراو پاراستووە،ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورەی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی گەیاندووە، رووحی رەوانی شادبێ.

ریزبەندی و پاش و پێش پێکردنی قەسیدەکان بەم شێوەییەی نووسراوەتەوە، پەیوەندی بە دەرهێنانی هونەری و نەخشەسازییەوە هەیە.

-Fakhradin Tahir
-Hejar Mukriyanî Le Yekêtî Soviet
-Çar Qesîde-y Şahir
-Çapî Yekam: 2009
-Jemarî Separdin:
-Dizayînî Berg û Nawewe: Loghman Rashidy
-Tîraj:
-Nirix:
Hewlêr - Kurdistan

وەشانێن سارا
I Samarbete med
STIFTELSEN FÖR KURDISKT
BIBLIOTEK & MUSEUM
Dalag.48
S-113 24 Stockholm, SWEDEN
info@saradistribution.com
ISBN 91 87 662 – 54-x

بەرهەمی داهاتوو:
هەژار موکریانی لە یەکێتی سۆڤیەت
بەشی دووەم لە ئاییندەیەکی نزیکدا چاپ
وبڵاودەبێتەوە


FAKHRADIN TAHIR

# HAZHAR MUKRIYANÎ
## Le Yekêtî Soviet

### ÇİWAR QESÎDE-Y ŞAÎR

SARA

HAZHAR MUKRIYANÎ, Fakhraddîn Tahir, Weşanên SARA'yê, Sala li Çapdanê 2009, Swêd, kurdistan, Mafên berhemê: Fakhraddîn Tahir & Weşanên SARA'yê.



FAKHRADIN TAHIR

هەژار موکریانی لە دایەلۆگە شیعرییەکانیدا،
گفتوگۆیەکی جوانی شیعری لە فۆرمی
گوتاریکی سیاسی ئاراستە کراودا دەسازێنێت،
کە کەم شاعیری کوردی سەردەمی ئەو،
مەبەست لەهەژارموکریانی شاعیرە توانیویەتیان
ئەم جۆرە دایەلۆگە شیعرییانە بسازێنن وەک ئەوی ئەو سازاندویەتی.

# HAZHAR MUKRIYANÎ
# Le Yekêtî Soviet

## ÇIWAR QESÎDE-Y ŞAÎR